www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوردستان لە گەمەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ... خالید عەزیزی

پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی بەکورتی

ساڵی1918، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ویلسۆن سەرۆککۆماری ئەو کاتی ئەمریکا پڕۆژەیەکی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و هێمنایەتی لە جیهاندا پێشکێش کرد. ئەو پڕۆژەیە کە بە گەڵاڵەی چواردە خاڵی ویلسۆن ناوبانگی دەرکرد، لەسەر بنەمایەکی ئیدەئالیستی و خێرخوازانە دارێژرابوو و باسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانیشی دەکرد. کۆنفرانسی وێرسای لە ساڵی 1919دا گەڵاڵەکەی ویلسۆنی وەبەرچاو نەگرت ونەی کرد بە بنەمای ڕێککەوتنی پەیماننامەی وێرسای، بەڵام دیسان کەم و زۆر شوێنی لەسەر ئاکامەکانی ڕێککەوتنی سێور لە ساڵی 1920 دانا. دواتر بەگوێرەی کۆمەڵێک ڕیککەوتن نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەپێی بەرژەوەندی و پرینسیپەکانی کۆڵۆنیالیستی دیاری کرا.

زەمینە و دەرئەنجامەکانی شەڕی دووەمی جیهانی کۆتایی بە ئیدەئالیزمی ویلسۆن هێنا و پارامیترێکی نوێی لە تێگەیشتن لە عیلاقاتی نێودەوڵەتی لە سەردەمی نوێدا هێنایە گۆڕێ و ڕوخسارێکی واقیعی بە ڕیئالیزم بەخشی. بەو مانایە کە جیهان بەو جۆرەی کە هەیە دەبیندرێت نەک بەو جۆرەی کە ئارەزو دەکرێت. لە سیناریۆی ریئالیزمی پێوەندییەکانی نێودەولەتیدا سەنگ و سووکی فاکتۆر و لایەنەکانی بەشدار تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەوە سەیر دەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن و جێگەیان پێدەدرێت، یان بە مانایەکی دیکە جێ پێ بۆ خۆیان دەکەنەوە.

دروستبوونی UN لە ساڵی 1945دا بە بەشداری 50 وڵات، ئامراز و میکانیزمێک بوو بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە و بەو جۆرە فاکتۆرێکی نوی بە ناوی ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتانی ئەندام بە پارامیترەکانی پێشوو زیاد بوو. ئەوە خۆی هەوڵ و تێکۆشانێکی فرەلایەنە بوو بە مەبەستی دامەزراندنی میکانیزمێکی چەندجەمسەری کە بتوانێت لەو سەردەمەدا کەم و زۆر تەوازونێکی نیسبی لە جیهاندا سەقامگیر بکات. ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانی و دروستبوونی دوو زلهێزی وەک سۆڤیەت و ئەمریکا کۆتایی بە سیستەمی لەرزۆکی چەندجەمسەری هێنا و دابەشبوونی دنیای بەسەر ئەو دوو بلۆکەدا کرد بە ئەمری واقیع. لەو کاتەوە هێمنایەتی و بەرژەوەندیی و سەروەریی وڵاتەکان و لەسەریەک میکانیزمی پێوەندیی نێودەوڵەتیش کەوتنەژێر سێبەری سیاسەتەکانی ئەو دوو بلۆکەوە.

لە سەردەمی کۆن و نوێ و لە سیستەمی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا قانون و یاسا و ڕێساکان لە بنەڕەتدا میکانیزمێک بوونە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتەکان بە تاک و بەرژەوەندیی هاوبەشیان بە یەکەوە. دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەمنیەتی نێودەوڵەتی بوو بە پێداویستییەکی گرینگ لە سیناریۆی فرەلایەنی ئەم میکانیزمەدا. زۆربەی زۆری یاساکانی پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی لەژێر ڕووناکایی سەقامگیرکردن و پاراستنی هێمنایەتی لەلایەک و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی وڵاتەکان لەلایەکی دیکەوە تەنزیم کراون. بەپێی قانونی ئەو گەمەیە تەنیا دەسەڵاتە کە دەتوانێت لەنێو

گۆڕەپانێکی بەربەرینی کێبڕکێ پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا یارگیری بکات. دەسەڵاتی سۆڤیەت و ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی سارد و ئاشتیی سارددا چوارچێوەیان بە هێمنایەتی و بەرژەوەندی دەدا و سنووریان بۆ دیاری دەکرد و دەبوایە زۆربەی زۆری لایەنەکانی دیکە خۆیان لەگەڵ ڕێکخستبایە.

هەرەسهێنانی سۆڤیەت لە 1990 بەولاوە بوو بە هۆی ئەوە کە سیمای سیاسیی جیهان گۆڕانی بەسەردا بێت و بەتاڵایی و کەلێن و کولێنێکی زۆر دروست بکات و لە ئاکامدا کۆمەڵێک دەسەڵاتی ناوچەیی دیار و نادیار فۆرم بگرن. ئەم بارودۆخە و بەتایبەت ڕووداوەکەی11ی سێپتامبر بوو بە هۆی ئەوە میکانیزمێکی دیکە لە ئەمنیەت و کۆنتڕۆڵ لەلایەن ئەمریکاوە بێتەگۆڕێ. ئەو میکانیزمە بە سەپاندنی هێژموونیی ئەمریکا خۆی پێناسە دەکات. بەپێی تێگەیشتنێکی کلاسیک لە جەمسەر و دەسەڵات، ئەمریکا تەنیا زلهێزی نیزامییە و لە زۆر شوێن توانای یەکلاکردنەوەی کێشەکانی هەیە و قسەی ئاخر دەکات. بەڵام ئەمە بەو مانایەش نییە کە جیهان بەتەواوی یەکجەمسەرە و بەرەو شێوەیەکی تر لە چەندجەمسەری ناڕوات؛ بەتایبەت کە ئێستا پرۆسەی بەجیهانیبوونی ئابووری و تێکنۆلۆژی و... لە پەرە ئەستاندندایە.

ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئەمریکا

تا شەڕی دووەمی جیهانی ئینگلیز و فەرانسە دەسەڵاتداری سەرەکیی ئەم ناوچەیە بوون و نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستیان بە شێوەی بنەماکان و میکانیزمی تێگەیشتنی کۆلۆنیالیستی داڕشتبوو. ئاکامێکی بەرچاوی شەڕی دووەمی جیهانی ئەوە بوو کە ئەمریکا وەک زلهێز هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست. بەڵام حوزور و سەقامگیربونی ئەمریکا ئەوە نەبوو کە گۆڕانکارییەک لە نەخشەی سیاسی و فۆڕمی ئێداری ئەم ناوچەیەدا پێکبهێنێ. چونکە:
یەکەم، ئەمریکا وەک دەسەڵاتێکی تازەکار ئەزموون و ڕابردووی شیوەی کۆلۆنیالیستی لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ فاکتۆرەکانی سیاسیی، مەزهەبی، نەتەوەیی و ئیداریی پێکهاتەکانی ناوچەکە نەبوو. بیرەوەرییەکانی ئارچی ڕۆزوێلت کە ئەفسەرێکی لێوەشاوەی کاروباری ئەمنییەتی و نەوەی تێئودۆر ڕۆزوێلت، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا، بوو تا ڕادەیەک ئەم ڕاستییە دەردەخات. ناوبراو لە کاتی شەڕی دووەم و دوای شەڕیش سەفەر بۆ زۆربەی شوێنەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا و بەشیک لە ئاسیا دەکات و لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی ئەنجام دەدات و تاڕادەیەکی زۆر تیشک دەخاتە سەر ستراتیژیی داهاتووی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.
دووەم، ستراتیژیی ئەمریکا دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەگشتی ئەوە بوو گە بەرگری لە پەرەئەستاندنی دەسەڵات و هێژموونی سۆڤیەت بکات و تاکتیکەکانیشی لەژێر ڕووناکایی ئەم بۆچوونەدا تەنزیم دەکرد. لە سیناریۆیەکی ئەوتۆدا هێشتنەوەی شێوەی کۆلۆنیالیستی ئێدارەی ئەم ناوچەیە پتر بە قازانجی ئەمریکا بوو تاکو گۆڕانکارییەک، کە لەوانە بوو جێ پێی زیاتر بۆ سۆڤیەت دروست بکات. بۆوێنە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە کودتای دژی موسەدیق لە ساڵی 1953 لە ئێراندا، و پشتگرتنی هەموو دەوڵەت و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و دژایەتیکردنی جووڵانەوە ئازادیخوازییەکان لە ناوچەکەدا.

پاش هەرەسهێنانی سۆڤیەت مەترسیی دروستبوونی دەسەڵاتی كۆنترۆڵ نەكراو وەك ئێران و عێراق لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ببوو بە واقعیەتێك. شەڕی كەنداو و دەركردنی عێراق لە كووەیت سەرەتای ستراتیژیی نوێی ئەمریكا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو كە نەهێڵن دەسەڵاتی كۆنترۆل نەكروا لەو ناوچەیەدا دروست بێت. هەڵبەت سروشت و چەند و چۆنی فاكتۆرەكانی بەشدار لە ڕەوتی ئەم ستراتیژییەدا تا ڕادەیەكی زۆر لێل و ناڕوون بوون. ئەرتەشی عێراق لە كووەیت دەركرا بەڵام سەددام و ڕێژیمەكەی لەسەر دەسەڵات مانەوە! و كورد لەسەر داوای بووشی باوك ڕاپەڕینیان كرد بەڵام واشنگتۆن پشتیوانی لی نەكردن. یەكێك لە هۆیەكان ئەوە بوو كە دوای ڕووخانی سۆڤیەت ئەمریكا ئامادەیی پێویستی بۆ گێڕانی دەوری تاكەزلهێزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبوو و بەم جۆرە نەیدەتوانی كەلێن و بەتاڵاییەكان وا بە ئاسانی پڕ بكاتەوە. ئەو ڕاستییە لە كاتێكدا بوو كە بیر و بۆچوونی فەناتیك و ڕێگەچارەی مەزهەبی وەك ئاڵترناتیف بۆ چارەسەری كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەرەئەستاندندا بوون.

سیاسەتی ئەمریكا لە سیناریۆی شەڕ و ئەمنییەتدا بێجگە لە شەڕی وێتنام و هێندێك كێشەی ناوچەیی كە كردەوەیەكی ئاكتیف و لە پرۆژەی داڕێژراوی دژی كۆمونیزم و سۆڤیەتدا بوون، ئەوانی دیكە زۆرتر كردەوەیەكی ڕیئاكتیف بوونە تا ئاكتیف، بەو مانایە كردەوەیەك دژی ئەمریكا ڕووی داوە جا ئەوجار ئەویش دژكردەوەی لە خۆی نیشان داوە. بۆ وێنە لە كۆتایی شەڕی یەكەمی جیهانی ساڵی 1917 كاتێك ئەمریكا ڕاستەوخۆ چووە نێو شەڕ كە لەلایەن ئاڵمانیا هێرش كرابووە سەر هێزە دەریاییەكانی. لە شەڕی دووەم لە ساڵی 1941 كاتێك ژاپۆن لە پڕڵ هاربڕ هێرشی كردەسەر ئەمریكا، ئەمجار ئەمریكا شەڕی دژی ئاڵمان و ژاپۆن ڕاگەیاند. لە قەیرانی كوبا ساڵی 1962 كاتێك سۆڤیەت موشەكی ئەتۆمی لە كوبا و 100 كیلومەتری ئەمریكا دامەرزاند، ئەمجار ئەمریكا كردەوەی توندی لەخۆ نیشاندا و مەترسییەكەی لەسەر وڵاتەكەی لابرد. لە 11ی سیپتامبری 2001 دیسان پاش ئەوەی ئەمریكا لە نیویۆرك و واشنگتۆن لەلایەن ئەلقاعیدەوە هێرشی كرایەسەر، دژكردەوەی گەورە و بەربەرینی نیزامی لە ئەفغانستان و دواتر لە عێراق نیشاندا.

سیاسەتی ڕیاكتیڤی نیزامیی ئەمریكا بەتایبەت پاش 11ی سیپتامبر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەگەڵ كۆمەڵێك پارامێتری سیاسی و مەزهەبی ڕوبەڕو بۆتەوە كە لە فازی نیزامیدا یان لەبەرچاو نەگیرابوون یان لە پەراوێز خرابوون. تێكشكاندنی ئەرتەش و ڕووخاندنی ڕێژیمەكانی تالیبان و سەددام كاری چەند حەفتە بوون. بەڵام گرفتی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی ئەو جۆرە وڵاتانە كە ڕیشەی لە دەیان و سەدان ساڵدایە، چۆن دەكرێ بە جێگۆڕكێیەك و لە ماوەی چەند ساڵدا جێبەجێ بێت؟

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سیناریۆی ئەمنییەت و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریكا بەتایبەتی تاكو شەڕی عێراق تەواو سنووردار كرابوو و تەنیا بە كێشەی ئیسراییل و فەلەستین پێناسە دەكرا. ستراتیژیی ئەمریكا لەسەر ئەساسی پاراستنی ئیسراییل و ئەمنییەتی بازرگانی نەوت داڕێژرابوو. باشی و خەراپی ڕێژیمەكانی ئەم ناوچەیەش لەژێر ڕووناكایی و بەرژەوەندیی ئەم ستراتیژییەدا بڕیاریان لەسەر دەدرا نەك بەپێی ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵكەكەی خۆیان. سەددام وەك ناسیۆنالیستێكی عەرەب و پشتئەستوور بە داهاتی نەوت، و ئێران وەك مەزنیخوازی مەزهەبی

پشتئەستوور بە داهاتی نەوت وخەڵکی ئایینی، ڕاستەوخۆ مەترسییەکی مەزن بوون بۆ ئەمنییەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسراییل. ڕووخاندنی سەددام و گوشارسەرخستن بۆسەر ئێران پێداویستێکی گرینگی تەمەندرێژی ئەم ستراتیژییە کلاسیک و کۆنەی ئەمریکا بوو.

گیروگرفتی سیاسیی و ئیداری عێراق، مەیدانداری ئێران، بەدناوی زۆربەی دەسەڵاتدارە نادیموکراتیەکان و ناڕەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکە و دەوری بەرچاوی مەزهەب لە ڕووداوەکاندا، ڕەنگدانەوەیەکی بەپەلەی لەنێو هێندێک کۆڕ و کۆمەڵی کۆنسێرڤاتیڤی ئەمریکا دروست کرد و ئیدەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی لێکەوتەوە. ئەم ئیدەیە دەخوازێت فرەلایەنە سەیری ڕێگەچارەکانی گرفتی ئەم ناوچەیە بکات و دەیهەوێت بێژێت کە هەموو لایەک، بەتایبەت خەڵکی ئازادیخواز، دەتوانن دەور و بەشدارییان لە ئەو پرۆژەیەدا هەبێت. ئەو پرۆژەیە جۆرە لاساکردنەوەیەکی گەڵاڵەکەی ویلسۆنە لە ساڵی 1919دا بەو جیاوازییە کە گەڵاڵەکەی ویلسۆن زۆر شەفاف بوو بەڵام ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی نوێ- کۆنسێرڤاتیڤەکان شتێکی زۆر ناڕوونە. لەسەریەک، تەنیا لە قسەدا باسی گۆڕانکاری دیموکراتیک و شتی لەو بابەتە دەکات، هەرچەند تا ئێستا لە چوارچێوەی هیچ گەڵاڵە و پرۆژەیەکی ڕوون و شەفافدا پێشکێش نەکراوە، بەڵام دیسانیش هێندێک خەڵکی ئومێدەوار کردووە و هێندێک دەسەڵاتداریشی نیگەران کردوون. ئاسۆی لێڵی عێراق و ئەفغانستان و مەیدانداریی سیاسی مەزهەب بۆتە هۆی ئەوە کە پەیام و گوتاری سیاسیی کاربەدەستانی ئەمریکا لەو پێوەندییەدا تووشی هەوراز و نشیو بێت. بۆوێنە ئێستا زۆر کەم و بە دەگمەن باسی سێکولاریزم دەکەن و تەنانەت لەجیاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ئەوجار بەتایبەت دوای قەیرانی لوبنان، باسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ دەکرێت.

بۆ ئەوەی ئەمریکا بە سینگفراوانییەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات و پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیەش خۆیان لە پرۆژەکانی ئەودا ببینەوە، وا باشە کە ئەمریکا چیتر لە دووگما کۆنەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم و شەڕی سارددا نەمێنێتەوە و لە کردەوەدا کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا بە کێشەی ئیسراییل و فەلەستین پێناسە و سنووردار نەکات. بۆوێنە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ساڵی 1947 مارشال وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا گەڵاڵەیەکی بەربەرینی یارمەتی ئابووری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپای شەڕلێدراو پێشکێش کرد. مارشال تەنانەت داوای لە سۆڤیەت کە بە تەواوی لە بەرەی دژی ئەمریکا دابوو کرد کە بە مەرجێک ریفۆرم لە سیستەمی سیاسیی خۆیاندا پێکبێنن دەتوانن پارە وەرگرن و بەشداری ئەم پرۆژەیە بن. مەبەست ئەوەیە کە ئەمریکا دەبێت لەلایەک لە پرۆژەکانی خۆیدا شەفاف بێت و لەلایەکی تر میکانیزمی گونجاو بۆ پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە کە لە ڕەوتی گۆڕانکاری و دیموکراتیزاسیۆندا دەتوانن دەوریان هەبێت پێکبێنێت. هێنانەگۆڕی سیناریۆیەکی لەو بابەتە کارێکی وا سووک و ئاسان نییە و کۆمەڵێک پرسیار و ئەگەر و مەگەر دێنێتە گۆڕێ و لەگەڵ فرەئاستەنگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

بۆوێنە: بۆچوونێکی لیبراڵ دیموکرات لە ئەمریکا و ئەوروپا پێیان وایە کە نوێ- کۆنسێرڤاتیڤەکان لە واشنگتۆن و توندئاژۆکانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خوڵقێنەری فەزای شەڕ و ناکۆکین. جیاواز لە بۆچوونی لەو بابەتە، ئایا کردەوەی نیزامی بەڕاستی ڕێگا تەخت دەکا بۆ جێبەجێبوونی پرۆژەی سیاسی؟ میکانیزمی هەڵسوکەوتی ئەمریکا لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەم ناوچە ئیسلامییە کە فەرهەنگ و ئەزموونی دیموکراسیی نییە چۆن دەبێت؟ ئەگەر لە هەڵبژاردنی ئازاد لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا هەر

بەو شێوەیەی کە بە چاوەدێری لایەنی ئەوروپی و ئەمریکی حەماس لە فەلەستین زۆربەی دەنگی هێناوە، ئەو کاتە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەلاتی هەڵبژاردەی ئیسلامی دەکرێت؟ هەرچەند ئەمریکا ئاپاراتێکی نیزامیی زۆر بەهێزی هەیە بەلام ئەم توانایەش سنووردارە. ئەمریکا دەبێت ئەم پەیامە بدات بە دونیای دەرەوە کە مەبەستی ئەو داسەپاندنی هێژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا نییە، بەلکو کار و تێکۆشانی هاوبەشە بۆ چارەسەری گرفتەکان.

دوو تیۆری و بۆچوون

تیۆریی دەسیسە

ئەم تیۆرییە بۆچوونێکی کۆن و کلاسیکە و ڕابردووی مێژوویی دەگەڕێتەوە سەردەمی جووڵانەوەی دژی کۆلۆنیالیزم. دەکرێت بڵێین بۆچوونێکی ڕەشبینانەیە و پێی وایە کە زلهێزەکان هەمیشە لەپشتی دەرگای داخراو خەریکی پلان و پڕۆژەدارشتنن دژی گەلانی ستەملێکراو لە جیهانی سێیەم بەگشتی و لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەتایبەتی. ئەو بۆچوونە لە ئاستی نێوخۆییدا بژیوی ئایدۆلوژیکی خۆی لە ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم و مەزهەب وەردەگرت. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە سەردەمی جیهانی دووجەمسەری واتا سۆڤیەت- ئەمریکادا تا ڕادیەکی زۆر لەژێر تەئسیر و کارتێکەری سۆڤیەت و بیری کۆمۆنیستیدا بوو. بەلام دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دواتر هەرەسهێنانی سۆڤیەت، بە ئایین خۆی پێناسە کرد و بەم جۆرە مەزهەب وردە وردە بوو بە دیاردەیەکی سیاسی و حاشاهەڵنەگر لە جیهانی چەندجەمسەری ئەم ناوچەیەدا. ئەم بۆچوونە تەنانەت لەنێو کوڕ و کۆمەڵی دەسەلاتداری سێکۆلەر و تێکنۆکرات و ڕووناکبیر و ئاکادمیسینی ئەم ولاتانەشدا باوە و تاوانی گیروگرفتی سیاسی- ئابووری و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی خۆیان دەخەنەسەر ئەستۆی ولاتانی ڕۆژئاوا و بەم جۆرە پاساو بۆ گەشەنەکردن و سەرنەکەوتنی خۆیان دەهێننەوە. ئەم بۆچوونە لە شکڵ و شێوەی سێکولار لەنێو کۆمەڵگەی ئەم ناوچەیەدا لە بەرانبەر بۆچوونی مەزهەبیدا زۆر لاوازە. ئەم ڕەشبینییە ئێستا لەنێو زۆربەی کوڕ و کۆمەڵی سیاسی سێکولاری کورددا برەوی نەماوە، بەلام لەنێو نەیاران و کۆمەڵگەی داگیرکەرانی کوردستاندا بەهێزە. ئەم بۆچوونە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا مەجالی مانۆر و یارگیری بەرتەسکە. دژایەتی بەهێزی ئەم بۆچوونە لەگەڵ هێژمونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بۆتە هۆی ئەوە کە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا زەمینە و ئیمکانی خۆڕێکخستن و بەدسەلاتگەیشتن و خۆ لە دەسەلات هێشتنەوەی زۆر بێت. تیۆریی دەسیسە گەلێک پشتئەستوورە بە هاروژاندنی کۆمەڵگەی ولاتانی ئیسلامی لە دژی ڕۆژهەلات و پێکهێنانی زەمینە بۆ کەشوهەوای شەڕ و کێشە لە ناوچەکدا.

بۆچوونی گەشبینی

ئەم بۆچوونە تێڕوانینێکی خۆشباوەڕانەیە و پێی وایە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان دەتوانن گۆڕانکاری لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دروست بکەن و تەنانەت نەخشەی سیاسی ناوچەکەش بگۆڕن. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە دوای سەقامگیربوونی نیزامیی ئەمریکا لە عێراق و قسە و باس و دەنگۆی جۆراوجۆر سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورە، لەنێو کوڕ و کۆمەڵی سیاسیی و ڕووناکبیری ناوچەکە بەگشتی و کورد بەتایبەتی زۆر باوە. بژیوی سیاسی ئەم تێڕوانینە لە نیگەرانی پەرەئەستاندنی دەسەلاتی مەزهەبی لە ناوچەکە و پڕوپاگەندەی کەسایەتی و مێدیاکان و حوزوری ئەمریکا لە عێراق

سەرچاوە دەگرێت. ئەم ڕوانگەیە پێی وایە کە جیهانی ئێستا یەکجەمسەرییە و ئەویش ئەمریکایە کە دەتوانێت گۆڕانکاریی بەربەرین لە ناوچەکەدا پێکبێنێت و دیموکراسی دابمەزرێنێت. زەمینەی عەمەلی ئەم بۆچوونە لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە سەر: یەکەم، سەقامگیربوونی نیزامیی ئەمریکا لە کوردستان و عیلاقاتی باشی دەسەڵاتی کوردی و ئەمریکا. دووەم، بەهێزبوونی سێکولاریزم لەنێو کوڕ و کۆمەڵی کوردستاندا. سێیەم، نیگەرانی لە کار و کردەوە و پرۆژەی داگیرکەرانی کوردستان. ئەم بۆچونە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بۆ وێنە: لە نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێجگە لە کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی جووڵانەوەیەکی بەهێزی ئیسلامی دژی هێژمونی ئەمریکا، ئاسۆی ئەم گەشبینییە زۆر لێڵ و تارماوی دەبیندرێت.

پرسیار ئەوەیە چەندە دەکرێت ڕەوتی ڕوداوەکان و ئەزموون و گەشە و داهاتووی کوردستان نەکەوێتە ژێر سێبەری بارودۆخی خەراپی ناوچەکە؟ لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە وەزعی عێراق و ئەفغانستان بۆتە هۆی ئەوە کە دونیای دەرەوە بە دردۆنگی و نیگەرانییەوە بڕوانێتە حزوور و پرۆژەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە. لە باری مەیدانییەوە زەمینەی جێبەجێبوونی ئەم گەشبینییە فرە کەمە؛ چونکە یەکەم، فەرهەنگی دیموکراسی و سێکولاریزم لە وڵاتانی ئیسلامی ئەزموون و ڕابردوویەکی نییە. دووەم، دەسەڵات و مەیدانداری سیاسی و نیزامی ئەمریکا لە ناوچەکەدا سنووردارە. سێیەم، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەڵاڵەی گروپێکە لە ئەمریکا نەک بەرنامەی کاری دەوڵەت. چوارەم، سیناریۆیەکی هەرە گرینگی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەردوو خانەی گەشبینی و ڕەشبینیدا کێشەی ئێران و ئەمریکایە کە ئێستاش روون نییە چی لێ بەسەردێت. ئایندەی ئێران بە باش و خەراپ، فاکتۆرێکی گرینگی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم ناوچەیەیە.

کورد لەنێو بازنەی ئەم کێشەیەدا

ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی لە سەردەم و قۆناخی جۆراوجۆردا هەوڵیانداوە کە سیمایەکی نێودەوڵەتی بە قەزیەی کورد بدەن و لە ڕادەی توانایی خۆیاندا کاری دیپلۆماتیکی پێویستیان بۆ ئەو مەبەستەش کردووە. تا ئێستا سێ جار لە مێژوی سەردەمدا کێشەی کورد لە بواری نێودەوڵەتی و لە مەیدانی سیاسەتی گەورە و بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا هاتۆتە گۆڕێ. هەر سێ جاریش دوای شەڕی گەورە هێزەکان و لەژێر ڕووناکایی یان سێبەری دەرئەنجامی شەڕەکاندا هەلومەرج بۆ هاتنەگۆڕی قەزیەی کورد ڕەخساوە. یەکەم جار دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی مەسەلەی کورد ئاستێکی نێودەوڵەتی بەخۆوەگرت. بەڵام لەو سەردەمەدا ڕادەی پێگەیشتن و خۆ ڕێکخستنی کورد بەو قۆناخە لە توانایی و ئامادەیی نەگەیشتبوو کە بتوانێت دەسەڵاتداری بکات، دەرفەتی مامەڵە بۆ خۆی پێکبێنێت، وەک فاکتۆرێک بێتە نێو کێبڕکێی دەسەڵات و کێشەکان و داکۆکی لە بەرژەوەندیی خۆی بکات. بەو جۆرە ئەوەی کە لەژێر ڕووناکایی ئیدەئالیزم و گەڵاڵەی ویلسۆن لە پەیمانی سێور لە ساڵی 1920دا بەپێی بەندەکانی 62 و 63 و 64 بە کورد درابوو، دوای گۆڕانی بەرەکانی شەڕ بە قازانجی تورکیا لە ساڵی 1923 لە پەیمانی لۆزاندا لێی ئەستێندراوە.

دووەم جار لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیدا بزووتنەوەی کورد چەند قۆناخ بەرەوپێش چوو و دەسەڵاتی دامەزراند و لە ڕادەی توانایی خۆیدا مەیدانداری سیاسی کرد. کۆماری کوردستان بە

شێوەیەکی دێفاکتۆ و هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورت و لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا کەوتەنێو بازنەی مامەڵە و کێشەکانی نێودەوڵەتی پێوەندیدار بە ئێران. بەو جۆرە هەنگاوێک بەرەو سەرووەری واتە دەسەڵاتی سیاسیی حکومەتی کوردی ڕۆیشت. ستراتێژی دیپلۆماسی کۆمار ئەوە بوو کە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لە هەڵسوکەوتی وڵاتانی بەشداری کێشەکەدا مسۆگەر بکات. یەکەم کاری پێشەوا ئەوە بوو کە ڕووسەکان و ئازەرییەکان بە ئەم قەناعەتە بگەیەنێت کە حکومەتی کوردی ناوچەیەکی خودموختاری ژێردەسەڵاتی ئازەربایجان نییە، بەڵکو کۆماری کوردستانە. لەڕاستیدا سۆڤیەت و ئینگلیز و ئەمریکا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە لە ئێراندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمار دەکرد. لە سیناریۆی بەرژەوەندیی ئەواندا کۆمار شتێکی زۆر بچووک بوو. سۆڤیەت بەدوای ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران پاشەکشەی کرد و کۆماری بە چارەنووسی خۆی ئەسپارد. ستراتیژیی ئەمریکا و ئینگلیز ئەوە بوو کە بە لەبەرچاوگرتنی گرینگی سیاسی و ئابووری ئێران، نەهێڵن ئەم وڵاتە بکەوێتەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت. ئەمریکا ساغ ببۆوە کە لە درێژخایاندا ئێران بکات بە هی خۆی. دەسەڵاتی تاران لەو کێشانەدا زۆر ژیرانە ڕەفتاریان لەگەڵ لایەنەکانی بەشداری کێشەکان کرد، لەلایەک سۆڤیەت و ئینگلیزیان لەکۆڵ خۆیان کردەوە و لەلایەکی دیکە زەمینەیەکی باشیان بۆ نفوزی ئەمریکا ڕەخساند و بەم جۆرە کۆماری کوردستان لە سیناریۆی سیاسەت وبەرژەوەندیی گەورەدا هیچ جێگەیەکی پێ نەدرا.

سێیەم جار دوای شەڕی کەنداو و ڕووخانی ڕێژیمی سەددام، ئەو جار بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو کورد خۆی لەنێو کێشەکەدایە و بەشێکە لە زەمینە و دەرئەنجامەکانی ئەو ڕەوتە و مەجالی مامەڵەی باشی هەبوو و هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام زیاتر لە هەموو ناوچەیەکی تری فیدراڵی جیهان حوزووری لە عیلاقاتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی پێوەندیدار بە خۆیەوە هەیە. ڕەخسانی ئەم دەرفەتە جیاواز لە سێکولاربوونی دەسەڵات و ئەزموونی چەندساڵەی حکومەتی کوردستان و گرینگی ئەم لە عێراق، بەشیکی بەرچاوی دەگەڕێتەوەسەر ڕەفتار و شێوەی دیپلۆماسی کورد لەگەڵ سیاسەتی گەورە و بچووک لە ئاستی جیهانی و ناوچەکەدا.

دەسەڵاتی کوردی پێویستە لەسەر بنەمای "ریالیزم و واقیعبینی" و بێ ئەوەی بکەوێتە خانەی ڕەشبینی لەلایەک و گەشبینی لەلایەکی ترەوە زەمینەی گونجاو بۆ جیبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆی ئامادە بکات. دونیا بەو جۆرەی کە هەیە ئەشێ چاو لێ بکات و ناتوانێت بەرانبەر بە فاکتۆرەکانی نێو گەمەکە بێ تەفاوەت بێت و لەبەرچاویان نەگرێت هەر بەو جۆرەی کە لایەنەکانی تریش ناتوانن ئەو نادیدە بگرن. ڕووخانی ڕێژیمی سەددام نەتیجەی هاوبەرژەوەندیی کورد و شیعە و ئەمریکا لەو سەردەمدا بوو. بەڵام ئەم هاوبەرژەوەندییە سەردەمی ئۆپۆزیسیون و خەبات لە دژی سەددام گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە و هەر لایەنەی بیر لە بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە. ئەگەر گیروگرفتی ئەمنییەتی لە ئیدارەی عێراقدا نەبوایە، ئەمریکا ئەو پێویستییەی کە ئێستا بە کوردی هەیەتی ئەو کات نەیدەبوو. لەبەرئەوە پێویستیی کورد و ئەمریکا بە یەکتر لە کەشوهەوای ئێستای عێراقدا ڕۆژ بە ڕۆژ زەقتر دەبێتەوە. لەبەرئەوە داهاتووی پرۆژەی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوەسەر ستراتیژیی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی و بەتایبەت حوزوری نیزامی لە کورردستاندا.

ئەمریکا هەمیشە بەگوێرەی بەرژەوەندیی و عیلاقاتی خۆی بەرانبەر بە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریە سەیری مەسەلی کوردی کردووە و پێی وا بووە قەزیەی کورد شتێکی نێوخۆیی ئەم وڵاتانەیە و لە

باشترین حاڵەتدا داکۆکیان لە مافی شارومەندی بۆ کورد کردووە. ڕیگەچارەی مەسەلەی کورد بەگشتی هەرگیز لە دەستوری کاری ئەمریکادا نەبووە. لەبەرئەوەی ئەمریکا لە ڕابردودا هیچ بەرژەوەندییەکی لە چارەسەربوون و نەبوونی قەزیەی کورددا نەبووە. دیارە ئەم سیاسەتە شتێکی سەیر نییە، چون هەر وڵات و نەتەوەیەک و دەسەڵاتێک بەپێی بەرژەوەندیی خۆی کار دەکات. دەسکەوتەکانی ئێستای کورد لە کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی ئاکامی هەلومەرجێک و هاوبەرژەوەندییەکی ڕەخساوی کورد و ئەمریکایە نەک پرۆژەیەکی لەمێژساڵەی لەپێشدا داڕێژراوە. بەڵام ئێستا هاوبەرژەوەندیی و ئەزموون و دەور و دەسەڵاتی کورد لە عێراق بۆتە هۆی ئەوە کە ئەمریکا تێگەیشتنێکی تازە و مەیدانی لە کۆمەڵگە و ئیمکاناتی کورد لە ناوچەکەدا وەدەست بێنێت و پێداچوونەوەیەک بە سیاسەت و هەڵوێستکانی پێشووی خۆی بەرانبەر بە کورددا بکات.

دەسەڵاتی کوردی دەبێ تێبکۆشیت کە سیناریۆی پێداویستیی هاوبەرژەوەندیی کورد و ئەمریکا لای موئەسیسات و کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆری دەسەڵات و نیزیک بە دەسەڵات لە ئەمریکادا بەهێز بکات. لە هەمان کاتدا هاوبەرژەوەندیی دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ ئەمریکا نابێت ئەم قەناعەت و تێگەیشتنە لەنێو کورددا دروست بکات کە جیهانی ئەمڕۆ یەکجەمسەرییە و ئەویش ئەمریکایە. سەنگ و سووکی قورسایی فاکتۆرەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پێوەندیدار بە بەرژەوەندی گەلێک سنوودارن. تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە، دەکری بڵێین کە جیهانی ئەم ناوچەیە چەندجەمسەرییە و لەبەرچاو نەگرتنی ئەم ڕاستییە گیروگرفتی بەدوادا دەبێ.

لەسەریەک، دەسەڵات بلیتی چوونەژووری نێو گەمەی نێودەوڵەتییە و تەنانەت لە ژوورەکەشدا هەر بەپێی دەسەڵات شوێنی دانیشتن دیاری دەکرێت. گەیشتن بە دەسەڵات خۆی هونەرە، بەڵام هونەر تر ئەوەیە چۆن دەسەڵات ڕابگری و بیپارێزی. پاراستن و ڕاگرتنی دەسەڵاتی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوە بە وەزعی نێو ماڵی کوردی و یەکگرتنەوەی ئیداری و نیزامی و یەکدەستکردنی ئەم دەسەڵاتە. کەمایەسییەکی مەزنی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکانی پێشوودا ئەوە بوو کە لە کاتی زۆر پێویست و ئەستەمدا لەبەر ناکۆکی نێوخۆیی نەیتوانیوە یەکدەنگ و یەکڕەنگ و بە پێناسەیەکی بەهێزی نەتەوەیی سوود لەو دەرفەتە نێودەوڵەتییە وەربگرێت کە بۆی ڕەخسابوو. دەسەڵات بە هەموو فۆرمەکانی سیاسی و ئابووری و نیزامی و بە هەموو شێوەکانی دیموکراتیک و نادیموکراتیک، مادام لەژێر میکانیزمی کونترۆڵ و لێپرسینەوەدا نەبێت تووشی گەندەڵی دێت. گەندەڵی ئیداری لە کوردستانیش وەک هەمو کۆمەڵگەیەکی تر کەم و زۆر شتێکی سەیر نییە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کوردستان ڕەنگە ئەم گەندەڵییە زەمینە و فەزای دەستتێوەردان بۆ دراوسێکان دروست بکات و ئاکامی نائاسایی و زیانباری لێ بکەوێتەوە.